**Council Of Ministers**
**Istry of Higher Education & Scientific Research**
**University of Sulaimani / Presidency**
**Ffice of Vice President for Scientific Affairs**
**and Postgraduate Studies**

حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

# بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٥٥
ڕێکەوت : ٢٤ / ١٠ / 2021 زایینی
/ / 2721 کوردی

No:
Date:

**بۆ/ سەرۆکایەتی زانکۆ ـ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ**

**بابەت/ داواکاری**

سڵاوی زانست...

داواکارین بە گشتاندنی نوسراومان بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆ کە لەمەودوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ - ٢٠٢١) ل کاتی پێکهێنانی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێجەکان کار بەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١. پێویستە لێپرسراوانی دڵنیایی جۆری بە شێوەی هەمیشەیی بن و لە سێ ساڵ کەمتر نەبن .
٢. لەکاتی دانانی ڕێکخەری بەش و قۆناغەکان پێویستە لێپرسراوی دڵنیایی جۆری کۆلێج ڕەزامەند بێت لەسە ئەندامەکان.
٣. پێویستە لەکاتی گۆڕینی لێپرسراوی دڵنیایی جۆری، ئەو لێپرسراوەی پێشوو هەموو ڕێنمایی و ووردەکاری کارەکان بـ لێپرسراوی نوێ ڕوونبکاتەوە و ئامادە بێت بۆ هەموو ڕوونکردنەوەیەك لەکاتی پێویست دا.
٤. لە سەرەتای ساڵدا لێپرسراوی دڵنیایی جۆری کۆبونەوەی تایبەت بە کار و پرۆسەکانی دڵنیایی جۆری بە ڕێکخەر بەش و قۆناغەکان بکات بۆ خستنە رووی هەموو ئەرکەکانیان.
٥. لە سەرەتای ساڵدا هەموو ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری بۆ مامۆستایان ڕوونبکرێتەوە و ئەرك و مافەکانیان دیار بکرێت.
٦. پێویستە پرۆسەی فیدباك بۆ خوێندکاران لە سەرەتای ساڵەوە باس بکرێت بە تایبەتی بۆ قۆناغی یەکەم.
٧. پێویستە لە دوای ڕەزامەندی دڵنیایی جۆری کۆلێجەکە، زیادکردن و لابردنی وانە و کردنەوەی بەش بەرز بکرێتەوە ب ئەنجومەنی کۆلێج.
٨. بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دڵنیایی جۆری کۆلێج پێویستە شوێنی تایبەت و سەربەخۆ بۆ ستافی دڵنیایی جۆری دابیر بکرێت لەناو کۆلێج دا.

لەگەڵ ڕێزدا...

پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەر

وێنەیەك بۆ:
ـ دۆسیەی دەرکردە.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
inistry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs
and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

No:
Date:

ژمارە : ٤٩
ڕێکەوت : ١٧ / ١٠ / ٢٠٢١ زایینی
/ / ٢٧٢١ کوردی

**بۆ/ سەرۆکایەتی زانکۆ ـ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ**

**بابەت/ گشتاندن**

سڵاوی زانست ...

وەك بەڕێزتان ئاگادارن کە بەپێی ڕێنماییەکانی نور پێویستە کلاسە ئەلکترۆنییەکان بەردەوام بێت وەك پردی پەیوەندی فەرمی لە نێوان مامۆستا و خوێندکار بۆ دانانی وانە و سەرچاوە و وەڵامدانەوەی پرسیاری خوێندکار و کویز و ... هتد بۆ ئەم مەبەستە داواکارین لە بەڕێزتان بە ئاراستەکردنی نوسراو بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆ کە بە دروستی جێ بەجێ بکرێت چونکە خاڵی زۆری رانکینگ لەسەر ئاستی پابەند بوونی مامۆستایە بەم کلاسانەوە.

لەگەڵ ڕێزدا ...

پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەر

**وێنەیەك بۆ:**
- دۆسییەی دەرکردە.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs
and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٦٥
ڕێکەوت : ٢٠ / ١١ / ٢٠٢١ زایینی
/ / ٢٧٢١ کوردی

No:
Date:

### بۆ / سەرۆکی زانکۆ – نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

### بابەت / گشتاندن

سڵاوی زانست...

داواکارین بە گشتاندنی نوسراومان بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ - ٢٠٢١) تایبەت بە ڕێنمایی و ئەرکەکانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن وەك لە هاوپێچدا هاتووە.

لەگەڵ ڕێزدا ...

هاوپێچ:-
- ڕێنمایی تایبەت بە ئەرکەکانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەر

وێنەیەك بۆ:
- دۆسیەی دەرکردە.

## ڕێنمایی تایبەت بە ئەرکەکانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئامانجی سەرەکی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پشتبەستن بە دەرخکردن کۆتایی پێبێت و خۆفێرکردن و تێگەیشتن و ڕەخنەگرتن بچەسپێت .

بەرنامەی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن بەشێکە لە دڵنیایی جۆری و جەخت لەسەر فێربوونی زمانی دووەم دەکات، گەڕان بە دوای زانیاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە(critical thinking) و بۆ یەکەمجار دروشمی (لە فێرخوازێکی ناچالاك بۆبیرکەرەوەیەکی ڕەخنەگر) کاری بۆ دەکرێت (From passive learners to critical thinkers).

زانکۆی سلێمانیش لە ڕووی پرۆگرامی خوێندن و مێتۆدی فێرکردن پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەی هەیە بۆ کەمکردنەوەی تەواوی کەلێن و بۆشاییەکانی ناو پرۆسەی فێرکردن . ئەم پرۆگرامە لە شێوازو ستانداردی ئەکادیمیدا دەبێ هاوتا بێت لەگەڵ زانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان کە بە جۆرێك توانستی زانستی خوێندکاران وەها باڵا بکات کە دوای دەرچونیان پەکیان نەکەوێت و بەشداری لە پێشخستنی وواڵت بکەن. لەبەر ئەوەشە کە لە ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ وە پێواژۆی بۆلۆنیا جێبەجێ دەکات.

لە زانکۆدا ، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن دەستنیشان کراوە و بەشێک لە ئەرکەکانیان بریتین لە :

- ئاراستە کردنی هێڵە گشتیەکانی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنی یەکەی بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکاندا.
- پەیوەندی کردن لەگەڵ لیژنەی زانستی بەشە زانستیەکان و ڕێنوێنیکردنیان بۆ پیادە کردنی پلانەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بواری پەرەپێدانی پرۆگرامەکاندا .
- هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی ئەو بابەتانەی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەت و زانکۆو دەستەکاندا.
- هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بە هەمان شێوازی لیژنەی دڵنیایی جۆری بەشەکان دەبێت.

**لەفەرمانی وەزاری ژمارە ن/٨٥ لە ریکەوتی ٢٠١١/١٠/٢٣ بریاردراوە کە :**

- لیژنەی پەرەپیدانی پرۆگرامەکان جیاوازن لە لیژنەی دلنیایی جۆری لە زانکودا بەلام هەماهەنگی راستەوخۆ و بەردەوام لە نیوانیاندا هەیە .
- دەسەلات دراوە بە ئەنجومەنی زانکۆ؛ کە لە بری کۆنگرە ، ئەرکی پەسەند کردنی گۆرانکاری و ریفۆرمی پرۆگرامی خوێندن لە ئەستۆ بگرن .
- گۆرینی پرۆگرامی خوێندن لە بەشە زانستیەکانەوە پێشنیار دەکرێت (باشترە هەماهەنگی لەگەل بەشە هاوشێوەکان بکرێت بۆ سوود وەرگرتن) و بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلێژو بەرێوەبەرێتی دلنیایی جۆریی پەرەپیدانی پرۆگرامەکان لە زانکودا بۆ ئەوەی بە ووردی گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت و دوا رەشنوسی ئامادە بکرێت، پاشان ئەنجومەنی زانکۆ بریار دەدات و وێنەیەک لە فەرمانە زانکۆییەکەی دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی بالا .
- پێویستە ئاراستەی کۆبونەوەکانی نێوان بەشە هاوشێوەکانی زانکۆ و دەستەکانی کوردستان بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆسەی پەرەپیدانی پرۆگرام و ئالوگۆری بیرورا بێت نەك کۆپیکردن و هاوتا کردنی پرۆگرامەکان.

**تایبەتمەندیەکانی ئەندامانی لیژنەی پەرەپیدانی پرۆگرامەکان بریتین لە :**

١- باوەری تەواوی بە گۆرانکاری و چاکسازی پرۆگرامەکانی خوێندن هەبێت

٢- ئارەزووی کارکردن و کاتی کارکردنی هەبێت .

٣- خاوەنی پلەی زانستی شیاو بێت .

٤- شارەزایی تەواوی هەبێت لە زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر و شێوازی وانە وتنەوە.

٥- شارەزایی هەبێت لە پرۆگرامەکانی خوێندن و شێوازی هەلسەنگاندنی پرۆگرامەکان .

وە لە بەر رۆشنایی پێواژۆی بۆلۆنیا و بە پشت بەستن بەو ئەرکانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە پێویستە لیژنەی پەرەپیدانی پرۆگرامەکانی بەشە زانستیەکانی کۆلێج و بە سەرپەرشتی نوێنەری پەرەپیدانی پرۆگرامەکانی کۆلێج ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە جێبەجێ بکەن:

- سەرپەرشتی کارەکانی پێواژۆی بۆلۆنیا بکات،چونکە لەم قۆناغەدا هەردوو شێوازی خوێندن(شێوازی خوێندنی پێشوو، وە پێواژۆی بۆلۆنیا) تەواوکاری یەکتری دەکەن. هەردوو لیژنەکە یەکیان گرتووەو بووە بە لیژنەی

بەرمپیدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر ئاستی بەش/ کۆلێج، وە پێویستە لە ئێستادا سوود لە ئەندامانی لیژنەی پێواژۆی بۆلۆنیا وەربگیرێت بە بوون بە ئەندام لە لیژەکەدا، لەبەر بوونی زانیاری تەواو لەسەر کۆی پێواژۆکە.

• وەرگرتنی پوختەی پلانی وانە(Subject outline) بۆ قۆناغەکانی خوێندنی بەرایی و خوێندنی بالا بەپێی پێواژۆی بۆلۆنیا. پیاچونەوە بە پوختەی پلانی وانە بۆ هەموو تەوەرەکان و بابەتەکانی وانەکە کە هەفتانە دەوترێتەوە، بە شێوەیەک بێت کە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە وانەکەی لە خۆ گرتبێت.
• تاوتوێکردنی کەم وکورتیەکانی پوختەی پلانی وانە لەگەڵ مامۆستاکە بە هەماهەنگی سەرۆک بەش و لیژنەی دڵنیایی جۆری،( بەمەش لە سەرەتای سیمستەرەکەدا سیمینارێک سازبکەن بۆ سەرجەم مامۆستایانی بەش لە تاوتوێکردنی نێوەرۆکی سەرجەم وانەکانی ئەو سیمستەرە بە پێی قۆناغەکان).
• وەرگرتنی کۆرسبووک بۆقۆناغەکانی خوێندنی شێوازی پێشوو،وە پیاچونەوە بە هەموو تەوەرەکان و بابەتەکانی وانەکە کە هەفتانە دەوترێتەوە، بە شێوەیەک بێت کە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە وانەکەی لە خۆ گرتبێت.
• چاودێری و بەدواداچون لەسەربەرنامەی خوێندن وفێرکردن بۆ ڕێژەی وانە وتنەوە (٦ هەفتە جارێک).
• گۆرینی ناوی وانە و دانانی ECTS وانەکانی قۆناغەکانی تر و گۆرانکاری لە وانەکان لەگەڵ سەرۆک بەش لە رێی ئەم لیژنەیەوە دەبێت( لە دوای تەواو بوونی چوار،پێنج، شەش ساڵ) بە پێی تایبەتمەندی کۆلێژ و بەش.
• ئامادە کردنی ڕاپۆرتی چروپڕ بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆ، لەرێگەی دلنیای جۆری کۆلێژەکان.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٦٤٤
ڕێکەوت: ٢٩ / ٦ / ٢٠٢٠ زایینی
/ / ٢٧٢٠ کوردی

No:
Date:

## بۆ/ بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

## بابەت/ گشتاندن

سڵاوی زانست ...

**داواکارین** لە بەڕێزتان بفەرموون بە گشتاندنی نوسراومان بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆ سەبارەت بە خاڵ سێیەمی نوسراوی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆریی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (٥٨٠٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٢٨) کە تایبەتە بەو مامۆستایانەی ئارەزوو دەکەن پرۆسەی دڵنیایی جۆریی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩_ ٢٠٢٠) یان بۆ ئەنجام بدرێت بە مەبەستی وەرگرتنی سوپاس و پێزانین، کە بەپێی ڕێنماییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**١/** ئەگەر مامۆستا لە هەردوو پێوەری هەگبە و زانستخوازی بەردەوام (A*) ی هەبوو سوپاس و پێزانینی (سەرۆکی زانکۆ) وەردەگرێت.

**٢/** ئەگەر مامۆستا لە یەکێك لە پێوەرەکان (A*) ی هەبوو ئەویتر (A) هەبوو ئەوا سوپاس و پێزانینی (راگری کۆلێج) وەردەگرێت.

وەك لەم دوو خشتەیەدا هاتووە:

**خشتەی خاڵی خوازراو بۆ زانستخوازی بەردەوام**

| نازناوی زانستی | ئامادەبوون | کارا | A | A* |
|---|---|---|---|---|
| پرۆفیسۆر | 25 | 35 | 79 – 60 | سەروو 80 |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 22 | 28 | 69 – 50 | سەروو 70 |
| مامۆستا | 19 | 16 | 54 – 35 | سەروو 55 |
| مامۆستای یاریدەدەر | 15 | 10 | 44 – 25 | سەروو 45 |

**خشتەی خاڵی خوازراو بۆ هەگبە**

| A | A* |
|---|---|
| 4.49 – 2.50 | 5 – 4.50 |

لەگەڵ ڕێزدا ..

پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەر

__وێنەیەك بۆ:__
- دۆسییەی دەرکردە.

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Apparatus of Supervision and Quality Assurance
Directorate of Quality Assurance and Accreditation

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جهاز الإشراف و ضمان الجودة
مديرية ضمان الجودة والاعتمادية

No:
Date:

ژمارە :
رێکەوت : / / ٢٠٢٠ زایینی
/ / ٢٧٢٠ی کوردی

**بۆ/ گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (حکومی / تایبەت) / نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ**
**ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**
**دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە**
**گشت کۆلێژ و پەیمانگە تایبەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز ڕاگر**

**ب/ گشتاندن**

سڵاو و ڕێز...

بەهۆی لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (ڤایرۆسی کۆڤید-١٩) لە هەرێمی کوردستان و دروستبوونی بەربەست لە بەردەم دەستپێکردنەوەی خوێندنی نێو کامپەس و دوا بە دوای بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزارەتمان لە کۆبوونەوەی ژمارەی (٨)ی ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/٢٦) سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، هەروەها بەرتەسک بوونەوەی دەرفەتی مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمینار و توێژینەوەی زانستی و چالاکیە زانستیەکانی دیکە و ئامادە نەبوونی قوتابیان و خوێندکاران لە ناو زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ وەرگرتنی فیدباک بە تایبەت لە وەرزی دووەمی خوێندن، هەروەها ئاماژە بە داواکاری ژمارەیەک لە مامۆستایان لە زانکۆ و پەیمانگە جیاجیاکان و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بە ڕەزامەندی بەڕێز جەنابی وەزیر ئەم بڕیارانەی خوارەوە بۆ بەڕێزتان ڕەوانە دەکەین بە مەبەستی پەیڕەوکردنی.

١. لێبوردنی مامۆستایان لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) لە سەرجەم زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگە (حکومی و تایبەتەکان) و دام و دەزگاکانی وەزارەتمان لە هەرێمی کوردستان.
٢. بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی یان هەر بابەتێکی دیکە کە پێویستی بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری دەبێت، مامۆستایان پرۆسەی دڵنیایی جۆری ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)یان بە سەرکەوتوو بۆ هەژمار دەکرێت.
٣. بۆ ئەو مامۆستایانەی کە ئارەزوو دەکەن پرۆسەی دڵنیایی جۆریان بۆ ئەنجام بدرێت، زانکۆ و پەیمانگەکان (حکومی و تایبەتەکان) پێویستە پرۆسەی دڵنیایی جۆری (هەگبەی مامۆستا، زانستخوازی بەردەوام) جگە لە (فیدباکی خوێندکار و قوتابی)یان بۆ ئەنجام بدەن، هەروەها زانکۆ و پەیمانگەکان پێویستە سوپاس و پێزانین بدەن بەو مامۆستایانەی کە خاڵی بەرز بە دەست دێنن بە پێی ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار.

لەگەڵ ڕێزدا...

**پ.ی.د. محمد حسين احمد**
**سەرۆکی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری**

وێنەیەک بۆ
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ ئاماژە بە پەراوێزی بەڕێزتان/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆک/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین/ لەگەڵ بەراییەکان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

Kurdistan Region–Erbil, Hadi Chawshli Street, Kirkuk-Erbil Main Road
Website: www.mhe-krg.org
Email: asqa.office@mhe-krg.org
qaa.directorate@mhe-krg.org

هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs
and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٢٤٢
ڕێکەوت: ٣ / ٥ / ٢٠٢٠ زایینی
/ / ٢٧٢٠ کوردی

No:
Date:

## بۆ/ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

## بابەت/ چاودێری پرۆسەی خوێندنی ئەلکترۆنی

سڵاوی زانست ...

وەک بەڕێزتان ئاگادارن لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی زانکۆی ژمارە (٥) ئۆنلاین لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٣٠ بریار درا پرۆسەی خوێندنی ئەلکترۆنی بە چاودێری راگری کۆلێجەکان دەبێت و لەژێر چاودێری دڵنیایی جۆری نەبێت و هەموو کارەکان بە راگرەکان بسپیرینەوە. وە پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام لە مانگی ٣ دا کۆتایی هاتبێت و ماموستایان بە دەرچوو هەژمار بکرێت.

ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن ئەم خاڵانە دەخەینە روو:

1- راگرە بەرێزەکان بەرپرس دەبن لە سەرپەرشتی کردنی هەموو کار و چالاکیەکان وئامادە کردنی راپۆرت و وەڵام دانەوەی داواکاریەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. وە دڵنیایی جۆری بەرپرس نیە لێی و لیژنە و لێپرساوانمان لە کۆلێجەکان ئەو کارانە ئەنجام نەدەن.

2- لە لایەن دەزگای سەرپرشتی و دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (٣) فۆرم نێردراوە کە بەرێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکان پری بکەنەوە وەک لە هاوپێچدا نێردراوە، بەرێوەبەرایەتیەکەمان بەرپرس نیە لە پرکردنەوەیان چونکە بەرێوەبەرایەتیەکەمان چاودێری پرۆسەکە ناکات وە ئاگاداریان دەکەینەوە کە ئەم فۆرمانە ناگەڕێنرێتەوە بۆ وەزارەت.

3- بۆ هەر گۆڕانکاریەک لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام پێویستە ڕەزامەندی دەزگای سەرپرشتی و دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وەربگرن.

ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن پێمان وایە کە ئەم بریارانەی سەرەوە پێویستی بە رەزامەندی دەزگای سەرپرشتی و دڵنیایی جۆریە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و داواکارین لە بەرێزتان نوسراوێک ئاراستەی دەزگای سەرپرشتی و دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بکەن بۆ ئەم مەبەستە.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**هاوپێچ :-**

(٣) فۆرمی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی خوێندنی ئەلکترۆنی نێردراو لە لایەن بەرێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

**پ.ی.د.ئاڤا عمر فتاح**
**بەڕێوەبەر**

**وێنەیەك بۆ:**
- یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
- دۆسییەی دەرکردە.

# ئەو خاڵانەی خوێندکار نمرەی هەڵسەنگاندنی پێ ئەدات

١.لەسەرەتای دەستپێکردنی خوێندن مامۆستا بەرچاوڕوونی لەسەر ناوەرۆك و پلانی خوێندنی بابەتەکانی وانەکەی لە کۆرس بووکدا خستە ڕوو، وە خوێندکارانی لە دانانی کۆرس بووکی بابەتەکەی لەسەر پرۆفایلی ئەکادیمی خۆی ئاگادار کردەوە ؟

٢. خوێندکار ئاشناکرا بەسەرچاوەی تری جۆراوجۆر و پەیوەندیدار بە وانەکە جگە لە سەرچاوە سەرەکیەکە ؟

٣. سروشتی وانەکە و شێوازی وتنەوەی سەرنجراکێش هانی زیاتری خوێندکار دەدات شارەزابێت لەم بوارەدا، وە تا چەند بایەخ بە شێوازی سەردەمیانە دەدات بۆ فێرکردنی قوتابی وەك بەکارهێنانی (وایت بۆرد ، داتاشۆ ، ڤیدیۆی فێرکاری)

٤. تا چەند وانەکە کاریگەری هەبوو لەسەر توانا و کارامەیی خوێندکار بۆ بەکارهێنانی زانستەکەی لە رووی پراکتیکیەوە ؟

٥. تا چەند لەوانەکەدا کاتی گونجاو و پێویست بۆ پرسیار و بەشداری خوێندکار رەخسێنرا تاکو خوێندکار بەشداری کارای هەبێت لە دروستکردنی ژینگەیەکی زانستی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و تێگەیشتنی لە بابەتەکە ؟

٦. لەم وانەیەدا دەرفەت رەخسا خوێندکار سمینار ، راپۆرت ، توێژینەوە پێشکەش بکات ؟

٧. وانەکە لەکاتی دیاریکراودا دەست پێدەکات و کۆتایی دێت کات بەفیرۆ نادرێت ؟

٨. لەکاتی وانە ووتنەوەدا مامۆستا بەهێمنی و رێزلێنانەوە هەڵسوکەوتی دەکرد ؟

٩. ئایا پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان و کویز و پرۆجێکتەکان رەنگدانەوەی ناوەرۆکی وانەکە بوون ؟

١٠. ئایا مامۆستاکە کلاس و ویب سایتی بۆ بابەتەکە دروست کردبوو ؟

١١. ئایا کۆرس بووك و سیلەبەس و تێبینی وانەکانی لەسەر کلاس و وێب سایتەکەی داناوە بەشێوەیەك کە سەرجەم بابەتە سەرەکییەکانی وانەکە دابەشکرابێتە سەر هەفتەکانی ساڵی خوێندن، تاکو خوێندکار ئاگاداربێت هەر هەفتەیەك چ بابەتێك دەخوێندرێت وە بتوانێت دایبەزێنێت؟

## پرسیارەکانی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان

١. زانکۆ بە موڵکی خۆی دەزانێ و %١٠٠ ی کاتی خۆی بۆ پێشخستنی پرۆسەی خوێندن و خزمەتی زانست تەرخان دەکات و دەوامی لە زانکۆ نموونەییە؟

٢.گرنگی دەداتە چاودێری کردنی رەوتی خوێندن ودەوام کردنی خوێندکار و ئەگەر لەوانەیەکی دوا کەوت قەرەبوی دەکاتەوە؟

٣.تەرکیزی لەسەر کوالێتیە و بۆ مسۆگەر کردنی کوالیتی لە خوێندن هەنگاوی باشی لە خوێندن ناوە؟

٤.لەسەرەتای ساڵدا کۆرس بووک لە سەر بابەتەکانی خۆی ئامادە دەکات و پرینسیپ و مەبەستەکانی پێدانی کۆرس بووک بۆ خوێندکار شیدەکاتەوە؟

٥.لە تاقی کردنەوەکانی سەری ساڵدا چالاکانە بەشداری لە ئەنجام دان و هەڵجنین و شیکردنەوەی دەرەنجامەکان و دەرخستنی دوا ئەنجامەکان دەکات؟

٦.شێوازی بیرکردنەوەی رەخنە گرانە ڕەچاو دەکات و رەخنەی بەرامبەریش قبوڵ دەکات؟

٧.جیاوازی لە نێوان خوێندکاران ناکات و بەیەک چاو سەیریان دەکات و خوێندکاران لێی رازین؟

٨.ڕێگای دەستیوەردانی دەرەکی لە کاروباری خوێندن نادات و بڕیارەکانیشی بابەتیانەن و لە بەرژەوەندی گشتین؟

٩.رۆحی هاوکاری لەگەل مامۆستایان و کارمەندان نیشان داوەو بەرێزو پشووی درێژەوە پێشوازیان لێ دەکات؟

١٠.لەبواری پسپۆریەکەیدا لێزانە و وەک ئەکادیمیەکی سەرکەوتوو نموونەیەکی باشە بۆ چاولێکردن؟

١١. رێنماییەکانی سەرووتر و ئەو ئەرکانەی سەرباری وانەبێژی پێی دەسپێردرێت لە کات ساتی خۆی جێبەجێی دەکات؟

١٢.چالاکانە هاوکاری سەرۆکایەتی بەش دەکات لە دارشتنی سیاسیەتی گشتی و بەرز کردنەوەی ئاستی کوالیتی و دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی دڵنیایی جۆری؟

١٣.لە بواری توێژینەوە چالاکەو بەرهەمەکانی لە ئاستی عیراق یان کۆنفرانسی نێودەوڵەتیدا بلاو دەکاتەوە؟

١٤.توێژینەوەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدایەو بەرهەمەکانی لە گۆڤاری نێودەوڵەتییە بەرزەکان بڵاو دەکاتەوە؟

١٥.دەست پێشخەرەو چالاکانە بەشداری لە لیژنەکانی ناو بەش و فاکەڵتی و زانکۆ دەکات؟

١٦.چالاکانە بەشدار بوە لە پرۆسەی خوێندنی ئەلکترۆنی لە گوگڵ کلاسرووم؟

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs
and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٢٤٩
ڕێکەوت: ٥ / ٧ / ٢٠٢٠ زایینی
/ / ٢٧٢٠ کوردی

No:
Date:

**بۆ/ بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا**

**بابەت/ پێکهێنانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا**

سڵاوی زانست ...

ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی، میکانیزمێکمان بۆ پێکهێنانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان دیاری کردووە بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٩ ـ ٢٠٢٠ ) وەك لە هاوپێچ دا ئاماژەی پێدراوە لەگەڵ هەندێك ڕوونکردنەوە دەربارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی، داواکارین لە بەڕێزتان کە بفەرموون بە دەرکردنی فەرمانێکی زانکۆیی سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەکان، وە بە گشتاندنی ئەو فەرمانە زانکۆییە بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆ.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**هاوپێچ:**
ـ میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن.

**پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح**
**بەڕێوەبەر**

**وێنەیەك بۆ:**
ـ دۆسییەی دەرکردە.

ژمارە : ٢٤٩
ڕێکەوت: ٥ / ٧ / ٢٠٢٠ زایینی
/ / ٢٧٢٠ کوردی

No:
Date:

# میکانیزمی لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستاکان

* لیژنەکە لە (٣) سێ ئەندام پێکبهێنرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان.

* <u>هەگبە بۆ مامۆستایان</u> : لیژنەکە بەلایەنی کەمەوە لە (ڕاگر یان یاریدەدەری ڕاگر، سەرۆك بەش یان بڕیاردەر، لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی کۆلێژەکە) پێکبهێنرێت.

تێبینی :- هەندێك (بەش/لق) لە کۆلێژەکاندا مامۆستایان کەمە، دەتوانرێت لەسەر ئاستی کۆلێژەکە هەگبەی مامۆستا بکەن.

* <u>هەگبە بۆ سەرۆك بەش</u> : لیژنەکە لە (ڕاگر، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژ، لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی کۆلێژ پێکبهێنرێت.

* <u>هەگبە بۆ یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژ</u> : لیژنەکە لە (ڕاگری کۆلێژ، لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی کۆلێژ، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی زانکۆ) پێکبهێنرێت.

* <u>هەگبە بۆ ڕاگری کۆلێژ</u> : لیژنەکە لە (سەرۆکی زانکۆ، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی زانکۆ) پێکبهێنرێت.

* <u>هەگبە بۆ سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆریی کۆلێژ</u> : لیژنەکە لە (ڕاگری کۆلێژ، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژ یان(کەسێکی پسپۆڕ)، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی زانکۆ) پێکبهێنرێت.

*Iraq – Kurdistan Region – Sulaimani – SulaimaniNwe - University of Sulaimani – Street 27 – Zone 209*
*Directorate of Teaching Quality Assurance*
Tel: + 07480604986
Email: tqa.office@univsul.edu.iq

**KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq**
**Council Of Ministers**
**Ministry of Higher Education & Scientific Research**
**University of Sulaimani / Presidency**
**Office of Vice President for Scientific Affairs**
**and Postgraduate Studies**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق**
**سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی**
**فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ**
**بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا**

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٢٤٩
ڕێکەوت: ٥ / ٧ / ٢٠٢٠ زایینی
/ / ٢٧٢٠ کوردی

No:
Date:

---

## { ڕوونکردنەوە }

بە پێویستی دەزانین هەندێك ڕوونکردنەوە بدەین دەربارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) کە ئەوانیش :-

**١.** بۆ ئەم ساڵی خوێندن بە پێی نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ـ دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆریی ـ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و متمانە بەخشین ژمارە (٥٨٠٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٢٨) ، مامۆستایان بەخشراون لە پرۆسەکە جگە لەوانەی کە خۆیان خوازیارن پرۆسەکە ئەنجام بدەن.

**٢.** لەبەر ڕەوشی تەندروستی لە شاری سلێمانی بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان، پێویستە لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبە بە شێوەی ئۆنلاین لە ڕێی ئامرازە پەیوەندیەکانی وەك (Zoom, Google Meet, FCC..etc) ئەنجام بدرێت.

**٣.** پێویستە لە کاتی هەڵسەنگاندنی هەگبەدا ڕەچاوی ماندوبوونی ئەو مامۆستایانە بکرێت کە ماندوو نەناسانە هەموو هەوڵێکیان داوە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە وانەکانیان پێشکەش بکەن لە ڕێگەی خوێندنی ئەلیکترۆنییەوە.

**٤.** دەبێت پرۆسەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان پرۆسەیەکی نهێنی بێت، وە نابێت دانانی خاڵەکان لە سەر بنەمای پەیوەندی (شەخصی) دابنرێت، هەر ئەندامێکی لیژنەکە بە جیا خاڵ بۆ هەڵسەنگاندنی هەگبەکە دابنێت، بەبێ ئەوەی کەس کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوی تر، بۆ زانیاریتان خاڵی هەگبە نادرێتەوە بە مامۆستاکە.

**٥.** ئەگەر کێشەیەك هەبێت لە نێوان (سەرۆك بەش و مامۆستاکە) پێویستە ئەو سەرۆك بەشە بەشدار نەبێت لە هەڵسەنگاندنی مامۆستاکە، لە جیاتی سەرۆك بەش، با (ڕاگر یان بڕیاردەر) لە لیژنەکەدا بەشدار بێت.

*Iraq – Kurdistan Region – Sulaimani – SulaimaniNwe - University of Sulaimani – Street 27 – Zone 209*
***Directorate of Teaching Quality Assurance***
Tel: + 07480604986
Email: tqa.office@univsul.edu.iq

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٢٤٩
No:
ڕێکەوت: ٥ / ٧ / ٢٠٢٠ زایینی
Date:
/ / ٢٧٢٠ کوردی

٦. ئەگەر یەکێك لەئەندامانی لیژنەکە لە یەك کاتدا دوو پۆستی هەبوو، پێویستە یاریدەدەری ڕاگر لەسەر ئاستی (کولێژ) وە بڕیاردەری بەش لەسەر ئاستی (بەش) بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکرێت.

٧. بەشێك لە پرسیارەکانی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا پەیوەندی هەیە بە (ڕاگر، سەرۆك بەش یان بڕیاردەر) کە دەتوانێت ڕوونکردنەوە بدات بە لیژنەکە بۆ هاوکاری کردنیان لە کاتی هەڵسەنگاندنی هەگبەکان دا، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانرێت دادپەروەرییەکی زیاتر لە پرۆسەکەدا بهێنرێتە دی.

٨. لە هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستایان دا دەتوانرێت ئەم ئاستانەی تێدا بەدی بکرێت (ئاستی فێرکردن، ئاستی ئەکادیمی، ئاستی کارگێڕی).

٩. لە ڕووی کارگێڕییەوە مامۆستا بە پێی بەشدار بوونی لە چالاکیەکانیدا خاڵی بۆ ئەژمار دەکرێت بۆ نموونە (ئەگەر لە سەرووی (پێنج) لیژنەوە بەشداربێت (٥ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت) وە ئەگەر لە (سێ بۆ چوار) لیژنەدا بەشداربێت (٤ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت، وە ئەگەر لە (یەك بۆ دوو) لیژنەدا هەبوو ئەوا (٣ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت، بە مەرجێك لە لیژنەکاندا چالاك بوو بێت.

١٠. لە بارەی توێژینەوەوە ئەگەر لە سەرووی (دوو) توێژینەوەی هەبوو ئەوا (٥ خاڵ) ی بۆ هەژمار دەکرێت، وە ئەگەر (یەك) توێژینەوەی هەبوو (٤ خاڵ) ی بۆ هەژماردەکرێت، بەمەرجێك توێژینەوەکان لە نێوان ساڵانی ( ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ ) دا بێت.

١١. بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی مافی بەدواداچوون و پێداچوونەوەی جۆنیەتی هەڵسەنگاندنی (هەگبەی مامۆستایان و زانستخوازی بەردەوام) ی هەیە لە هەر کاتێك کە پێویست بکات.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs
and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

UNIVERSITY OF SULAIMANI
زانکۆی سلێمانی

بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

No:
Date:

ژمارە: ٢٥١
ڕێکەوت: ٢٨/ ٧ / ٢٠٢٠ زایینی
/ / ٢٧٢٠ کوردی

بۆ/ بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
بابەت/ ڕێنمایی چالاکی ئۆنلاین

سڵاوی زانست ...

داواکارین لە بەڕێزتان کە بفەرموون بە گشتاندنی نووسراومان بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆ کە تایبەتە بە ڕێنماییەکانی چالاکی ئۆنلاین، کە لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

١. پێویستە مامۆستایان لە ڕۆژێکدا ژمارەی چالاکییەکانیان لە (سێ چالاکی) زۆرتر نەبێت، وە لەو سێ چالاکییە لە (دوو وۆرکشۆپ) زیاتر نەبێت.

٢. پێویستە چالاکییەکان لەلایەن زانکۆکانەوە سەرپەرشتی کرابێتن یاخود ئەگەر چالاکییەکە لە دەرەوەی زانکۆکان بوو پێویستە پێش ئەنجامدانی چالاکییەکە ڕەزامەندی لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی کۆلێج وەربگیرێت.

٣. تەنها ئەو توێژینەوانە هەژمار دەکرێن کە لەلایەن نوور (NUR) ەوە پەسەند کرابێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن چێکی وێبسایتی (www.nur-krg.net) بکەن.

٤. پێویستە هەموو چالاکییەکان لە پسپۆڕی وورد و گشتی مامۆستاکە خۆی دا بێت بەپێچەوانەوە هەژمار ناکرێت.

* مەبەست لە چالاکییەکان (سیمینار، وۆرکشۆپ، کۆنفرانس، سیمپۆزیەم، خولی ڕاهێنان، توێژینەوە، بابەتی زانستی لە بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکان دا، چاوپێکەوتن، هەڵسەنگاندنی توێژینەوە، پەرتوک، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زانستی، هەڵسەنگاندنی زانستی و زمانەوانی).

لەگەڵ ڕێزدا ...

پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەر

وێنەیەک بۆ:
- دۆسییەی دەرکردە.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

زانکۆی سلێمانی

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٢٥٨
ڕێکەوت: ١٥ / ٩ / ٢٠٢٠ زایینی
/ / ٢٧١٩ کوردی

No:
Date:

**بۆ/سەرۆکایەتی زانکۆ _ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ**

**بابەت/ میکانیزمی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)**

سڵاوی زانست ...

ئاماژە بە نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری-بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و متمانە بەخشین ژمارە (٧٣٤٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٧) تایبەت بە ناردنی ڕاوبۆچوون و پێشنیاری زانکۆکان لەسەر چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)، ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆی سلێمانی، میکانیزمێك بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)پێشنیار دەکەین بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ڕەوشی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و بەڕێوەچوونی پرۆسەکە وەك لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە :

١-کەم کردنەوەی خاڵی خوازراوی مامۆستایان لە پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام بۆ نیوە لەبەر گرانی ئەرکی سەرشانی مامۆستایان لەم بارودۆخە تەندروستییەدا.

٢- ڕێگەدان بە ئەنجامدانی چالاکییەکان بە شێوەی ئۆنلاین بە مەرجێك مامۆستایان چالاکییەکانیان لە ڕۆژێکدا لە (٣) چالاکی زۆرتر نەبێت و لە (٢) وۆرك شۆپ زیاتر نەبێت.

٣- پێویستە چالاکییە ئۆنلاینەکان لەلایەن زانکۆکانەوە سەرپەرشتی کرابێتن یاخود ئەگەر چالاکییەکە لە دەرەوەی زانکۆکان بوو پێویستە پێش ئەنجامدانی چالاکییەکە ڕەزامەندی لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی کۆلێج وەربگیرێت.

٤- پێویستە هەموو چالاکییە ئۆنلاینەکان لە پسپۆڕی وورد و گشتی مامۆستاکە خۆی دا بێت بەپێچەوانەوە هەژمار نەکرێت.

٥- پێویستە چالاکییە ئۆنلاینەکان هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی مامۆستا ئامادە بێت تا کۆتایی و فۆڕمی ئامادەبوون لە شێوەی گۆگڵ فۆڕم ئامادە بکرێت و لێپرسراوی دڵنیایی کۆلێجەکان خۆیان سەرپەرشتی بکەن.

٦- وە هەروەها داواکارین ڕەزامەندی بدەن لەسەر گۆڕانکاری لە هەژمارکردنی خاڵەکانی زانستخوازی بەردەوامدا وەک لە خشتەی هاوپێچدا هاتوە .

لەگەڵ ڕێزدا...

**پ. ی. د. ئاڤا عمر فتاح**
**بەڕێوەبەر**

__وێنەیەك بۆ:__
- بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا.
- دۆسیەی دەرکردە.

Iraq – Kurdistan Region – Sulaimani – Sulaimani Nwe - University of Sulaimani – Street 27 – Zone 209
Directorate of Teaching Quality Assurance
Tel: + 07480604986
Email: tqa.office@univsul.edu.iq

**KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq**
**Council Of Ministers**
**Ministry of Higher Education & Scientific Research**
**University of Sulaimani / Presidency**
**Office of Vice President for Scientific Affairs and Postgraduate Studies**

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

UNIVERSITY OF SULAIMANI 1968
زانكــوى سليمـانــى

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

No:
Date:

ژمارە : ٤٦٩

ڕێکەوت: ١١ / ١٠ / ٢٠٢٠ زایینی

/ / ٢٧٢٠ کوردی

---

**بۆ/ سەرۆکایەتی زانکۆ ـ بەڕێز سەرۆکی زانکۆ**

**بابەت/ گشتاندن**

**سڵاوی زانست ...**

داواکارین لە بەڕێزتان کە بفەرموون بە گشتاندنی نووسراومان بۆ سەرجەم کۆلێج و سەنتەرەکانی زانکۆ کە هۆبەی دڵنیایی جۆرییان هەیە، لەماوەی یەك هەفتەدا بفەرموون بە ناردنی :

**١.** ناوی لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی کۆلێج و سەنتەر وە لیژنەکانی بەش و قۆناغەکان کە پێویستە بە پێی ئەو پەیکەری ڕێکخستنە بێت کە لە فەرمانی زانکۆیی ژمارە (٤٨١٦/٣/٧) لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٧/١٣) دا ئاماژەی پێکراوە.

**٢.** کاری لێپرسراوی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی کۆلێج و بەش و قۆناغەکان، وە پێویستە سوود لەو بەڕێزانە وەربگیرێت بۆ ئەم لیژنانە، کە نوێنەری بۆلۆنیای کۆلێج و بەشەکان بوون چونکە لە ئەمساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ - ٢٠٢١) ەوە لیژنەی پێواژووی بۆلۆنیا و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان دەبێت بە لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن .

لەگەڵ ڕێزدا ...

**هاوپێچ:**

- فەرمانی زانکۆیی پەیکەری ڕێکخستن ژمارە (٤٨١٦/٣/٧) لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٧/١٣).

**پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح**
**بەڕێوەبەر**

**وێنەیەك بۆ:**

- دۆسییەی دەرکردە.

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani Presidency
President Office

UNIVERSITY OF SULAIMANI
زانكۆی سلێمانی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
نووسینگەی سەرۆک

ژمارە: ٧ / ٣ / ٤٨١٦
ڕێکەوت: ١٢ / ٧ / ٢٠١٦ زایینی
٢٦ / ٤ / ٢٧١٦ کوردی

١٤٤
١٨ / ٧ / ٢٠١٦

# فەرمانی زانکۆیی

## بابەت / پەیکەری ڕێکخستن

پشت بەست بە فەرمانی وەزاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی ژمارە (٥٦٨٠/٢) لە (٢٠١٦/٤/٦) .

بڕیاردرا کە پەیکەری ڕێکخستنی زانکۆمان بە شێوەی هاوپێچ بێت دوای لێکدانی بەڕێوەبەرایەتی و هەڵوەشانەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتی و هۆبانەی کەلە خوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە .

أ- لێکدانی بەڕێوەبەرایەتیەکان

١- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری خوێندنی باڵا بریتی یە لە دوو هۆبە هۆبەی کاروباری زانستی هۆبەی خوێندنی باڵا .

٢- بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

٣- بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ و بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆ بریتیە لە هۆبەی چاپخانەی زانکۆ .

٤- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکان و بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەکانی زانکۆ بریتی یە لە هۆبەی گەنجینەی سەرۆکایەتی زانکۆ و هۆبەی گەنجینەی بەشە ناوخۆییەکان و هۆبەی تاقیگەکان .

٥- بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری و ئامار .

٦- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکانی دەرەوە و بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن دەکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیە ئەکادیمیە نێو دەوڵەتیەکان و ڕاگەیاندن و بریتی یە لە هۆبەی ڕاگەیاندن .

٧- بەڕێوەبەرایەتی خۆیی و بەڕێوەبەرایەتی میلاک بۆ سەرچاوە مرۆییەکان بریتی یە لە هۆبەی هۆبەی هاتوو و ڕۆشتو و لەگە ڵ هۆبەی دۆسیەکان .

٨- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا و گرێبەستەکان و بەڕێوەبەرایەتی مڵکایەتی کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی یاسا و بریتی یە لە هۆبەی کاروباری یاسایی و مڵکایەتی و هۆبەی گرێبەستەکان .

٩- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری زانکۆ بریتی یە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و هۆبەی میوانخانە و هۆڵەکان .

ب- هەڵوەشانەوەی هۆبە .

١- ئەمینداری ئەنجومەنی زانکۆ

٢- ناوەندی گۆڤارە زانستیەکان

٣- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناوخۆ

٤- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیەکان و بە پێی پەیوەندی چالاکی وەرزش سەر بە سکوڵی پەروەردەی وەرزشی دەبێت و چالاکی هونەری سەر بە کۆلێجی هونەرە جوانەکان دەبێت و هۆبەکانی وە هەڵوەشانەوەی هۆبەکانی (ڕێنمایی پەروەردەی , چالاکی ئاهەنگی دەرچووان , ڕاگەیاندن)

٥- هەڵوەشانەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کارگێڕی ,دارایی ,یاسا , وردبینی , گەنجینە و هۆبەکانیان لە فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا و فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران .

٦- مۆزەخانە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریە .


٧- هۆبەی سووتەمەنی و هۆبەی چاککردنی ئۆتۆمبیل .

٨- بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان بکرێت بە هۆبەیەک سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی .


پرۆفیسۆر د. صلاح الدین سعید علی
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەک بۆ/
- نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ /٢ وێنە بۆ کاری پێویست .
- هەرسێ فەرمانگەی بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ .
- سەرجەم کۆلێج و دام و دەزگاکان / بۆ کاری پێویست
- دۆسیەی نوسراوی دەرچوو .

UNIVERSITY OF SULAIMANI 1968
زانکۆی سلێمانی



## پەیکەری ڕێکخستنی کولیجی ......................




پرۆفیسۆر د. صلاح الدین سعید علی
سەرۆکی زانکۆ

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs
and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

ژمارە : ٦٥
ڕێکەوت : ٢٠ / ١١ / ٢٠٢١ زایینی
/ / ٢٧٢١ کوردی

No:
Date:

بۆ / سەرۆکی زانکۆ – نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

بابەت / گشتاندن

سڵاوی زانست...

داواکارین بە گشتاندنی نوسراومان بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ - ٢٠٢١) تایبەت بە ڕێنمایی و ئەرکەکانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن وەك لە هاوپێچدا هاتووە.

لەگەڵ ڕێزدا ...

هاوپێچ:-
- ڕێنمایی تایبەت بە ئەرکەکانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

پ.ی.د. ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەر

وێنەیەك بۆ:
- دۆسیەی دەرکردە.

## ڕێنمایی تایبەت بە ئەرکەکانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئامانجی سەرەکی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پشتبەستن بە دەرخکردن کۆتایی پێبێت و خۆفێرکردن و تێگەیشتن و ڕەخنەگرتن بچەسپێت

.

بەرنامەی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن بەشێکە لە دڵنیایی جۆری و جەخت لەسەر فێربوونی زمانی دووەم دەکات، گەڕان بە دوای زانیاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە(critical thinking) و بۆ یەکەمجار دروشمی (لە فێرخوازێکی ناچالاك بۆبیرکەرەوەیەکی ڕەخنەگر) کاری بۆ دەکرێت From passive learners to critical) .thinkers)

زانکۆی سلێمانیش لە ڕووی پرۆگرامی خوێندن و مێتۆدی فێرکردن پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەی هەیە بۆ کەمکردنەوەی تەواوی کەلێن و بۆشاییەکانی ناو پرۆسەی فێرکردن . ئەم پرۆگرامە لە شێوازو ستانداردی ئەکادیمیدا دەبێ هاوتا بێت لەگەڵ زانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان کە بە جۆرێك توانستی زانستی خوێندکاران وەها باڵا بکات کە دوای دەرچونیان پەکیان نەکەوێت و بەشداری لە پێشخستنی وولات بکەن. لەبەر ئەوەشە کە لە ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ وە پێواژوی بۆلۆنیا جێبەجێ دەکات.

لە زانکۆدا ، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن دەستنیشان کراوە و بەشێک لە ئەرکەکانیان بریتین لە :

- ئاراستە کردنی هێڵە گشتیەکانی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنی یەکەی بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ ستاندار دە جیهانییەکاندا.
- پەیوەندی کردن لەگەڵ لیژنەی زانستی بەشە زانستیەکان و ڕێنوێنیکردنیان بۆ پیادە کردنی پلانەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بواری پەرەپێدانی پرۆگرامەکاندا .
- هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی ئەو بابەتانەی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەت و زانکۆو دەستەکاندا.
- هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بە هەمان شێوازی لیژنەی دڵنیایی جۆری بەشەکان دەبێت.

**لەفەرمانی وەزاری ژمارە ن/٨٥ لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٠/٢٣ بڕیاردراوە کە :**

- لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان جیاوازن لە لیژنەی دڵنیایی جۆری لە زانکودا بەڵام هەماهەنگی ڕاستەوخۆ و بەردەوام لە نێوانیاندا هەیە .
- دەسەڵات دراوە بە ئەنجومەنی زانکۆ؛ کە لە بری کۆنگرە ، ئەرکی پەسەند کردنی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی پرۆگرامی خوێندن لە ئەستۆ بگرن .
- گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن لە بەشە زانستیەکانەوە پێشنیار دەکرێت (باشترە هەماهەنگی لەگەڵ بەشە هاوشێوەکان بکرێت بۆ سود وەرگرتن) و بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلێژو بەڕێوەبەرێتی دڵنیایی جۆریی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان لە زانکودا بۆ ئەوەی بە ووردی گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت و دوا ڕەشنوسی ئامادە بکرێت، پاشان ئەنجومەنی زانکۆ بریار دەدات و وێنەیەک لە فەرمانە زانکۆییەکەی دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵا .
- پێویستە ئاراستەی کۆبونەوەکانی نێوان بەشە هاوشێوەکانی زانکۆ و دەستەکانی کوردستان بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆگرام و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بێت نەك کۆپیکردن و هاوتا کردنی پرۆگرامەکان.

**تایبەتمەندیەکانی ئەندامانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بریتین لە :**

١- باوەڕی تەواوی بە گۆڕانکاری و چاکسازی پرۆگرامەکانی خوێندن هەبێت

٢- ئارەزووی کارکردن و کاتی کارکردنی هەبێت .

٣- خاوەنی پلەی زانستی شیاو بێت .

٤- شارەزایی تەواوی هەبێت لە زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر و شێوازی وانە وتنەوە.

٥- شارەزایی هەبێت لە پرۆگرامەکانی خوێندن و شێوازی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکان .

وە لە بەر ڕۆشنایی پێواژۆی بۆلۆنیا و بە پشت بەستن بەو ئەرکانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە پێویستە لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی بەشە زانستیەکانی کۆلێج و بە سەرپەرشتی نوێنەری پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی کۆلێج ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە جێبەجێ بکەن:

- سەرپەرشتی کارەکانی پێواژۆی بۆلۆنیا بکات،چونکە لەم قۆناغەدا هەردوو شێوازی خوێندن(شێوازی خوێندنی پێشوو، وە پێواژۆی بۆڵۆنیا) تەواوکاری یەکتری دەکەن. هەردوو لیژنەکە یەکیان گرتووەو بووە بە لیژنەی

پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر ئاستی بەش/ کۆلێج، وە پێویستە لە ئێستادا سوود لە ئەندامانی لیژنەی پێواژوی بۆلۆنیا وەربگیرێت بە بوون بە ئەندام لە لیژەکەدا، لەبەر بوونی زانیاری تەواو لەسەر کۆی پێواژوەکە.

- وەرگرتنی پوختەی پلانی وانە(Subject outline) بۆ قۆناغەکانی خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵا بەپێی پێواژوی بۆلۆنیا. پیاچونەوە بە پوختەی پلانی وانە بۆ هەموو تەوەرەکان و بابەتەکانی وانەکە کە هەفتانە دەوترێتەوە، بە شێوەیەک بێت کە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە وانەکەی لە خۆ گرتبێت.
- تاوتوێکردنی کەم وکورتیەکانی پوختەی پلانی وانە لەگەڵ مامۆستاکە بە هەماهەنگی سەرۆک بەش و لیژنەی دڵنیایی جۆری،( بەمەش لە سەرەتای سیمستەرەکەدا سیمینارێک سازبکەن بۆ سەرجەم مامۆستایانی بەش لە تاوتوێکردنی نیوەرۆکی سەرجەم وانەکانی ئەو سیمستەرە بە پێی قۆناغەکان).
- وەرگرتنی کۆرسبوک بۆقۆناغەکانی خوێندنی شێوازی پێشوو،وە پیاچونەوە بە هەموو تەوەرەکان و بابەتەکانی وانەکە کە هەفتانە دەوترێتەوە، بە شێوەیەک بێت کە هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە وانەکەی لە خۆ گرتبێت.
- چاودێری و بەدواداچون لەسەربەرنامەی خوێندن وفێرکردن بۆ ڕێژەی وانە وتنەوە (٦ هەفتە جارێک).
- گۆڕینی ناوی وانە و دانانی ECTS وانەکانی قۆناغەکانی تر و گۆرانکاری لە وانەکان لەگەڵ سەرۆک بەش لە رێی ئەم لیژنەیەوە دەبێت( لە دوای تەواو بوونی چوار،پێنج، شەش ساڵ) بە پێی تایبەتمەندی کۆلێژ و بەش.
- ئامادە کردنی ڕاپۆرتی چروپڕ بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆ، لەرێگەی دلنیای جۆری کۆلێژەکان.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani Presidency
President Office

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
نوسینگەی سەرۆک

ژمارە: ٦١٨٠ / ٢ / ٧
ڕێکەوت: ١٥ / ٥ / ٢٠١٩زایینی
٢٥ / ٢ / ٢٧١٩ کوردی

هاتوو
ژمارە: ٤٣٨
بەروار: ١٩ / ٥ / ٢٠١٩

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری فێرکردن و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن
بابەت/ ڕەزامەندی

سڵاوی زانست....

ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە (٣١) لە (٢٠١٩/٤/٣٠) لەبەر ڕۆشنایی (ماددەی یازدەیەم) لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە ڕێنمایی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان بۆ مامۆستایان کە بە پێی ڕێنماییەکان بۆ پلەی (پرۆفیسۆر) بەر لە یەک ساڵ و بۆ پلەی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بەر لە شەش مانگ بۆ پلەی (مامۆستا) بەر لە سێ مانگ بۆیان هەیە داواکاری بەر لە ماوەی یاسایی پیویست پێشکەش بە بەشەکەیان بکەن.
ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی لە کۆنوسی کۆبوونەوەی ژمارە (١٧) ی کۆبوونەوەی ئاسایی کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٨) سازدرابوو بڕیاریدا لەسەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیتان بڕوانامەی ئەو ساڵانەی پێشوو بۆ مامۆستایان بکەن و بە دەرنەچوو هەژمار نەکرێن، بەڵام هەتا کاتی دەرچوونی لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە ساڵی کۆتایی فەرمانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان بۆ نەکرێت.
بۆ ئاگاداری و ڕەچاوکردنی.

لەگەڵ ڕێزدا...

پ.ی.د.رضا حسن حسین
سەرۆکی زانکۆ بە وەکالەت

وێنەیەک بۆ/
-نوسینگەی سەرۆک
-هەرسێ فەرمانگەی بەڕێزان یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ
-گشت کۆلێجەکان
-دۆسیەی بڕیارەکانی ئەنجومەن
-دۆسیەی نوسراوی نهێنی دەرچوو

University New Campus | Raparin Way | Sulaimani | Kurdistan | Iraq
www.univsul.edu.iq | Email: president.office@univsul.edu.iq

SHADAN ٥/١٤/٢٠١٩

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs and Postgraduate Studies

حكومەتی هەرێمی كوردستان – عیراق
سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ
بۆ كاروباری زانست و خوێندنی باڵا
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی فێركردن و پەرەپێدانی پرۆگرامەكانی خوێندن

زانكۆی سلێمانی

ژمارە : ٤٧
No:
بێكەوت: ٢٨ / ٥ / 2019 زایینی
Date:
/ / 2719 كوردی

بۆ / سەرجەم لێپرسراوانی دڵنیایی جۆریی كۆلێژ و سكوڵەكان.

بابەت/ گشتاندن

سڵاوی زانست...

هاوپێچ دەقی نوسراوی سەرۆكایەتی زانكۆ – نوسینگەی سەرۆك ژمارە (٦١٨٠/٣/٧) لە بەرواری (٢٠١٩/٥/١٥) دەنێرین بۆتان، سەبارەت بە ڕێنمایی بەرزكردنەوەی پلەی زانستی لە دامەزراوەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستان بۆ مامۆستایان كە بە پێی ڕێنماییەكان بۆ پلەی (پرۆفیسۆر) بەر لە یەك ساڵ و بۆ پلەی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بەر لە شەش مانگ و بۆ پلەی (مامۆستا) بەر لە سێ مانگ بۆیان هەیە داواكاری بەر لە ماوەی یاسایی پێویست پێشكەش بە بەشەكەیان بكەن، بۆ ئەم مەبەستە بڕیار درا لە سەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی بڕوانامەی ئەو ساڵانەی پێشوو بۆ مامۆستایان بكات و بە دەرنەچوو هەژمار نەكرێن، بەڵام هەتا كاتی دەرچوونی لە پرۆسەی دڵنیایی جۆریی لە ساڵی كۆتایی فەرمانی بەرزكردنەوەی پلەی زانستیان بۆ نەكرێت.

لەگەڵ ڕێزدا...

د.ئاڤا عمر فتاح
بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەكان
زانكۆی سلێمانی

هاوپێچ:-
- نوسراوی سەرۆكایەتی زانكۆ – نوسینگەی سەرۆك .

وێنەیەك بۆ:
- یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری زانست و خوێندنی باڵا.
- دۆسییەی دەركردە.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani Presidency
President Office

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
نوسینگەی سەرۆک

ژمارە: ٧٠٠٦٣٨
ڕێکەوت: ٩ / ٦ / 2019 زایینی
١٩ / ٣ / 2719 کوردی

هاتووە
ژمارە: ٤٧٩
بەروار: ١١ / ٦ / ٢٠١٩

فەرمانی زانکۆیی

بابەت / فیدباکی خویندکار

پشت بەست بە کۆنووسی ژمارە (١٩) ی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی زانکۆ کە لە ریکەوتی (٢٠١٩/٥/٢٩) سازدرابوو:
بڕیاردرا ئەو مامۆستایانەی کە تەنها وانەی خوێندنی باڵا ئەلێنەوە ئەگەر لە (پینج) خویندکار کەمتری هەبوو فیدباکی خویندکاری بۆ ئەنجام بدرێت.

پرۆفیسۆری.ی .د. رضا حسن حسين
سەرۆکی زانکۆبە وەکالەت

وێنەیەک بۆ/
-نوسینگەی سەرۆک.
-هەرسێ فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ.
-گشت کۆلێجەکان.
-بەڕێوەبەرایەتی دڵنیای و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خویندن/بۆ ئاگاداری و کاری پیویست تکایە.
-دۆسیەی بڕیارەکانی ئەنجومەن.
-دۆسیەیی نوسراوی دەرچوو.

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي .
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Minister's Office

هاوپێچە
لە هاتوی
٤٩٨
٢٠١٩/١٢/٣

No: ١١٠٢
Date:

ژمارە: ١١٠٢
بەروار: ١ / ٧ / ٢٠١٩ زایینی
/ / ٢٠١٩ی کوردی

# فەرمانی وەزاری

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەرێوەبردنی کاروبارەکانی وەزارەت و پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بە پێی ئەو دەسەڵاتەی، کە لە بڕگەی یەکەمی مادەی چواردەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پێمان دراوە، بڕیاردرا بە پێدانی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێکراوە بە بەرێز سەرۆکی دەزگای سەربەرشتی و دڵنیایی جۆری:

١. بینینی گشت نووسراوەکانی ئاسایی پەیوەندیدار بە دەزگای سەربەرشتی و دڵنیایی جۆری و بەرزکردنەوەی ئەوانەی کە پێویستن بۆ جەنابی وەزیر لەگەڵ دیاریکردنی را و بۆچوون دەربارەیان (جگە لەو نووسراوانەی کە راستەخۆ بۆ جەنابی وەزیر دێن).
٢. واژۆکردن لە سەر گشت نووسراوەکانی فەرمی ئاسایی پەیوەندیدار بە دەزگای سەربەرشتی و دڵنیایی جۆری و ئەوەی پێویست دەکات پێشتر ڕەزامەندی جەنابی وەزیری لە سەر وەرگیرابێت.
٣. سەربەرشتی کردنی دەوامی گشت فەرمانبەرانی دەزگای سەربەرشتی و دڵنیایی جۆری و هەبوونی دەسەڵاتی لێپێچینەوە و پێدانی مۆڵەتی ئاسایی تا ماوەی (٧) رۆژ.
٤. دابەشکردنی کارەکان بە پێی پێویست و بەرژەوەندی کار بەسەر پێکهاتەکانی دەزگای سەربەرشتی و دڵنیایی جۆری.
٥. نووسراوەکانی گشتاندنی رێنماییەکان و ئاگادارییەکان لە سەر کاروباری دڵنیایی جۆری ئەکادیمی و کارگێری و تەندروستی و سەلامەتی.
٦. نووسراوەکانی مفاتحەکردنی دەرەوەی وەزارەت تا رادەی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ کاروباری رای تەکنیکی و ئەکادیمی ئاسایی پەیوەندیدار بە دەزگای سەربەرشتی و دڵنیایی جۆری.
٧. نووسراوەکانی راپۆرتەکانی بەدواداچوونەوەی دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە رووی دڵنیایی جۆری ئەکادیمی و کارگێری و تەندروستی و سەلامەتی.
8. پشکنین و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ پرۆفایلی مامۆستا لە زانکۆ و پەیمانگە و کۆلێژە حکومی و تایبەتەکان.
9. سەربەرشتی جێبەجێکردنی پرۆسەی ریزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەکات.
١٠. وەرگرتنی گشت پرۆپۆزەڵەکانی کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگە و کۆلێژ و بەش و لقی زانستی حکومی و تایبەت.
١١. دیراسەتکردنی گشت ئەو پرۆپۆزەڵ و پرۆژانەی کە پێشکەش دەکرێت بۆ کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگەی حکومی و تایبەتی تازە.

Kurdistan Region–Erbil, Hadi Chawshli Street, Kirkuk-Erbil Main Road
هەرێمی کوردستان- هەولێر، رێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
Website: www.mhe-krg.org
Email: asqa.office@mhe-krg.org

١٢. دەرکردنی فەرمانی وەزاری بۆ کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگەی تایبەت بە واژۆی جەنابی وەزیر.

١٣. کارکردن لە سەر دیراسەتکردنی ئەو پرۆپۆزەڵانەی کە لە لایەن زانکۆ و پەیمانگە و کۆلێژە تایبەتەکان پێشکەش دەکرێن بۆ کردنەوەی بەش و کۆلێژی تازە، دواتر پێدانی مۆڵەتی کردنەوەیان دوای بوونی سەرجەم مەرجەکان بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان بە واژۆی جەنابی وەزیر.

١٤. پەسەندکردنی کردنەوەی کۆلێژ و بەش و لقە زانستیەکان لە زانکۆ حکومیەکان بە پێی پێوەر و ستانداردەکانی دڵنیایی جۆری.

١٥. سەردانی کردنی گشت زانکۆ و پەیمانگەکان لە هەر کاتێکدا کە پێویست بکات بە مەبەستی دڵنیا بوون لە ئەدا و کوالێتی زانستی زانکۆ و پەیمانگەکان.

١٦. چاودێریکردنی گشت زانکۆ و پەیمانگە و کۆلێژە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سەردانی کردنی لیژنەکانی دڵنیایی جۆری و تەندروستی و سەلامەتی .

١٧. ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک و ڕاگری زانکۆ و پەیمانگە و کۆلێژە حکومی و تایبەتەکان سەبارەت بە کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە بواری ئەکادیمی و زانستی هەروەها پەیوەندیدار بە تەندروستی و سەلامەتی.

١٨. نووسینی کۆنووسی سەردان و کۆبوونەوەکان، هەروەها وێنەیەک لە کۆنووسەکە ئاراستەی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان بکرێت و بەدواداچوونی بۆ دەکات.

١٩. پرۆسەی پشکنین لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکات، جگە لەوەش ئەو نووسراوانەی پەیوەست بن بەو بابەتە و پێویستیان بەفەرمانی وەزاری هەبێ ئەوا فەرمانی وەزاری دەردەکات و وەڵامی ئەو نوسراوانەش دەداتەوە کە ئاراستەی دەکرێ.

٢٠. هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستا لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان.

٢١. هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ پرۆژە و پلان و ستراتیژیەت و سیاسەتی خوێندنی باڵای هەریمی کوردستان دەکات لە ڕووی کوالێتی و دڵنیایی جۆریەوە کە لە لایەن زانکۆ و پەیمانگە و فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەتمان ئامادە دەکرێن، بۆ ئەم مەبەستەش تیمی تایبەتی دەزگا هەڵسەنگاندنی مەیدانی بۆ دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکات و ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن ئامادە دەکات.

٢٢. بەرزکردنەوەی پلەی زانستی فەرمانبەرانی زانکۆیی لە دیوانی وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆیەکی حکومی و فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان.

٢٣. ئاگادار کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان لە کاتی سەرپێچی کردن بە ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری و تەندروستی و سەلامەتی و یاخود هەر ڕێنماییەکی تر کە لە بەشە جیاجیاکانی وەزارەتمان دەردەچێت بە تایبەت ڕێنمایی پەیوەندیدار بە لایەنی زانستی و ئەکادیمی وەک (کۆنفرانسی زانستی و توێژینەوەی زانستی و پرۆگرامەکانی خوێندن و گۆڤارە زانستیەکان و هتد...).

٢٤. سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوون بۆ جێ بە جێکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری (دڵنیایی جۆری فێرکردن، زانستخوازی بەردەوام، هەگبەی مامۆستا، فیدباکی خوێندکار، بەرتووکی کۆرس، پەرەپێدانی پرۆگرام) لە گشت زانکۆ و پەیمانگە و کۆلێژە حکومی و تایبەتەکان، ئەوەش لە ڕێگەی کۆبونەوە و سەردانیکردن.

٢٥. هاندانی زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر لە چالاکی زانستی و هونەری و وەرزشی و کەلتووری و هتد.. وەکو ئەنجامدانی کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمپۆزیۆم و سیمینار و دیبەیت و خولی ڕاهێنان.

٢٦. بەشێوەیەکی بەردەوام سەرجەم زانیاریەکانی پەیوەست بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکان ئەرشیف دەکات بۆ ئەوەی بۆ ریزبەندی نیشتیمانی زانکۆکان سودیان لێ وەربگیرێ.

٢٧. بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ کۆنفرانسی زانستی و گۆڤاری زانستی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان.

٢٨. هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندن و بڕۆگرامی خوێندن و گونجاندنیان لەگەڵ پێویستی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان.

٢٩. ئاراستەکردنی هێلە گشتیەکانی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنی یەکەی بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ ستاندارده جیهانیەکاندا لە ناویاندا جێبەجێکردنی سیستەمی بۆلۆنیا پرۆسێس.

٣٠. پەیوەندیکردن لەگەڵ لیژنەی زانستی بەشە زانستیەکان و ڕێنوێنیکردنیان بۆ پیادەکردنی پلانەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بواری پەرەپێدانی پرۆگرامەکاندا.

٣١. هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون و پەسەندکردنی ئەو بابەتانەی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەت و زانکۆ و دەستەکان.

٣٢. سەرپەرشتیکردنی لیژنە پسپۆریەکانی پێکهاتوو بە مەبەستی گۆڕانکاری و پەرەپێدان لە پرۆگرامی خوێندنی بەشە زانستیەکان.

٣٣. پەسەندکردنی هەمواركاریەکان و گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن لە بەشە زانستیەکانی زانکۆ و پەیمانگە و کۆلێژە حکومی و تایبەتەکان، هەروەها بەدواداچوونی جێ بە جێکردن و هەڵسەنگاندنیان.

٣٤. دیاری کردنی ڕێژەی مامۆستایان لە بەرامبەر ڕێژەی خوێندکار/قوتابیان بە گوێرەی ستاندارده جیهانیەکانی هەر پسپۆریەک.

٣٥. کردنەوەی خوێندنی باڵا لە زانکۆ تایبەتەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان.

٣٦. هەڵسەنگاندنی زانکۆ تایبەتەکان بە پێی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە ڕەچاوکراوەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون.

٣٧. پەسەندکردنی پلانی وەرگرتنی ساڵانەی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون.

٣٨. پەسەندکردنی ئەو کرێ خوێندنەی کە لە قوتابی/خوێندکار وەردەگیرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون.

٣٩. جێ بە جێکردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی و سەلامەتی لە سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە زانکۆ و دەستە و ئەنجومەن و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی سەر بە وەزارەت لە ڕووی پشکنین بۆ دڵنیابوون لە بوونی مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی.

٤٠. جێ بە جێکردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی و سەلامەتی لە بەشە ناوەخۆییەکانی سەر بە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی سەر بە وەزارەت لە ڕووی پشکنین بۆ دڵنیابوون لە بوونی مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی.

٤١. پشکنین و بەدواداچوون بۆ گشت زانکۆ و دەستە و ئەنجومەن و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان دەکات بە مەبەستی دڵنیا بوون لە بواری تەندروستی و سەلامەتی دام و دەزگاکان و تاقیگەکان.

٤٢. کارکردن لە سەر مەترسیە (فیزیاوی، کیمیاوی، بایۆلۆژی، میکانیکی، کەوتن و خلیسکاندن، کارەبا و ئاگر، پەتای بڵاوەبوو، ژەهراویبوون بەخواردن و ئاوی پیس) بە مەبەستی خۆ پاراستن لێیان.

٤٣. بەدواداچون و دەستنیشانکردنی ئەو کۆسپانەی ڕوداوی دڵتەزێنیان لێ دەکەوێتەوە هەروەها دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەو گرفت و کەموکوڕییەکان و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە بواری تەندروستی و سەلامەتی و دروستکردنی فۆرمی بەدواداچون بۆ ئاسانکردنی چالاکیەکان.

٤٤. بەڕێوەبردنی بەرنامەی تەندروستی و سەلامەتی لە زانکۆکان بە گشتی لەگەڵ ئامانجی بەرەستکردنی زامداربوون یان تووش بوون بە نەخۆشییە پیشەییەکان.

٤٥. هۆشیاری سەلامەتی و تەندروستی لەناو مامۆستا و فەرمانبەران و خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگەکان بڵاودەکاتەوە.

٤٦. دانانی لیژنەی یانە یا کافتریا و کۆشك لە زانکۆ و پەیمانگە و کۆلێژە حکومی و تایبەتەکان بۆ ئەوەی گرنگی بە پاك و خاوێنی بدەن و ڕۆژانە و بەبەردەوامی سەرپەرشتی خواردن و خواردنەوەکان بکەن.

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ نووسینگەی سەرۆک/ لەگەڵ بەراییەکان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان (حکومی/تایبەت)/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت پەیمانگە تایبەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز ڕاگر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت کۆلێژە زانکۆییە تایبەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز ڕاگر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەتمان/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

## بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان

No:
Date:

ژمارە : ٦٥
ڕێکەوت : ٤ / ٨ / 2019 زایینی
/ / 2719 کوردی

## بۆ/ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

## بابەت/ داواکاری

سڵاوی زانست...

داواکارین بە گشتاندنی نوسراومان بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆ کە لەمەودوا بۆ ساڵی (٢٠١٩ - ٢٠٢٠) لە کاتی پێکهێنانی لیژنەی دڵنیایی جۆریی کۆلێجەکان کار بەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١. پێویستە لێپرسراوانی دڵنیایی جۆریی بە شێوەی هەمیشەیی بن و لە سێ ساڵ کەمتر نەبن .

٢. لەکاتی دانانی ڕێکخەری بەش و قۆناغەکان پێویستە لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی کۆلێج ڕەزامەند بێت لەسەر ئەندامەکان.

٣. پێویستە لەکاتی گۆڕینی لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی، ئەو لێپرسراوەی پێشوو هەموو ڕێنمایی و ووردەکاری کارەکان بۆ لێپرسراوی نوێ ڕوونبکاتەوە و ئامادە بێت بۆ هەموو ڕوونکردنەوەیەك لەکاتی پێویست دا.

٤. لە سەرەتای ساڵدا لێپرسراوی دڵنیایی جۆریی کۆبونەوەی تایبەت بە کار و پرۆسەکانی دڵنیایی جۆریی بە ڕێکخەری بەش و قۆناغەکان بکات بۆ خستنە ڕووی هەموو ئەرکەکانیان.

٥. لە سەرەتای ساڵدا هەموو ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆریی بۆ مامۆستایان ڕوونبکرێتەوە و ئەرك و مافەکانیان دیاری بکرێت.

٦. پێویستە پرۆسەی فیدباك بۆ خوێندکاران لە سەرەتای ساڵەوە باس بکرێت بە تایبەتی بۆ قۆناغی یەکەم.

٧. پێویستە لە دوای ڕەزامەندی دڵنیایی جۆریی کۆلێجەکە، زیادکردن و لابردنی وانە و کردنەوەی بەش بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلێج.

٨. بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دڵنیایی جۆریی کۆلێج پێویستە شوێنی تایبەت و سەربەخۆ بۆ ستافی دڵنیایی جۆریی دابین بکرێت لەناو کۆلێج دا.

لەگەڵ ڕێزدا...

**پ.ی.د.ئاڤا عمر فتاح**
بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان
**زانکۆی سلێمانی**

وێنەیەك بۆ:
• دۆسییەی دەرکردە.

Iraq – Kurdistan Region – Sulaimani – Sulaimani Nwe - University of Sulaimani – Street 27 – Zone 209
Directorate of Teaching Quality Assurance
Tel: + 07480604986
Email: tqa.office@univsul.edu.iq

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
Office of Vice President for Scientific Affairs and Postgraduate Studies

حكومەتی هەرێمی كوردستان – عیراق
سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ
بۆ كاروباری زانست و خوێندنی باڵا

**بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان**

No:
Date:

ژمارە: ٧٤
ڕێکەوت: ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩ زایینی
/ / ٢٧١٩ کوردی

---

**بۆ/ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا**

**بابەت/ دانانی لیژنەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە کۆلێجەکان**

سڵاوی زانست...

داواکارین لە بەڕێزتان بە گشتاندنی نووسراومان بۆ سەرجەم کۆلێجەکانی زانکۆ بە مەبەستی پێکهێنان و ناردنی ناوی لیژنەی تایبەت بە پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ سەرجەم بەشە زانستییەکانی کۆلێجەکان.

لەگەڵ ڕێزدا...

**پ.ی.د.ئاقا عمر فتاح**

بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان

**زانکۆی سلێمانی**

__وێنەیەك بۆ :__

- دۆسییەی دەرکردە.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
ffice of Vice President for Scientific Affairs and Postgraduate Studies

حكومەتی هەرێمی كوردستان – عیراق
سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ
بۆ كاروباری زانست و خوێندنی باڵا
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی فێركردن

No:
Date:

ژمارە : ٣٣
ڕێكەوت: ٢٠ / ٤ / 2014 زایینی
/ / 2714 كوردی

زانكۆی سلێمانی

ڕۆیشتوو

## بۆ بەڕێز/ فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری زانست و خوێندنی باڵا

## بابەت/ گشتاندن

سڵاوی زانست...

داواكارین لە بەڕێزتان ڕەزامەندیتان بەبەرزكردنەوەی نوسراوی ژمارە ( 20483/4 ) لە ڕێكەوتی ( 2013/9/25 ) كە لە هاوپێچدا ئاماژەی پێكراوە بۆ سەرۆكایەتی زانكۆ ، هەروەها گشتاندنی پێبكرێت بۆ گشت سكول / كۆلێجەكان .

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ :-
-نوسراوی ژمارە ( 20483/4 ) ڕێكەوتی ( 2013/9/25 )

پ.ی.د.كاوە عبدالله محمد أمین
بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی فێركردن
زانكۆی سلێمانی

وێنەیەك بۆ:
- دۆسییەی دەركردە

*Iraq – Kurdistan Region – Sulaimani – Sulaimani Nwe - University of Sulaimani – Street 27 – Zone 209*
Tel: + 964 770 195 8515
Email: kawa.amin@univsul.net
*www.univsul.net*
P.Box: 334

Nergz 20-Apr-14

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی گشتی پشکنین و دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
المديرية العامة للاشراف وضمان النوعية
مديرية الضمان النوعي والاعتمادية

No:

ژمارە: ٤ / ٢٠٤٨٣
ڕێکەوت: ٢٥ / ٩ / ٢٠١٣ ی زایینی
٣ / ٧ / ٢٧١٣ ی کوردی

بۆ گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

## ڕێنمایی

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرەکانی دڵنیایی جۆری زانکۆ حکومیەکان ژمارە (١٦) ڕێکەوتی ٢٠١٣/٦/١٧ تایبەت بە پێداچونەوەی ساڵانە سەبارەت بە بەرنامەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستان (حکومی و تایبەتەکان) و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا:

### (١) ڕۆڵی بەڕێوەبەرەکان لە کردنەوەی بەشە زانستیەکاندا

- نامەی پشتگیری: گەر نامەی پشتگیری و ڕاپۆرتی
داواکاری زانکۆ بۆ کردنەوەی بەشی نوێ مامەڵەی لەسەر ناکرێت و پەسەند نابێت
بەڕێوبەری دڵنیایی جۆری ئەو زانکۆیەی لەگەڵدا هاوپێچ نەکرابێت.

- دوای داواکاری و پڕکردنەوەی فۆرم بەڕێوبەری دڵنیایی جۆری لە زانکۆ سەردانی بەشە نوێیەکە دەکات بۆ
دڵنیابوون لە مەرجەکانی کردنەوەی ئەو بەشە و یەک یەک خانەکانی ناو فۆرمەکە تاوتوێ دەکات لەگەڵ سەرۆکی
بەشی پێشنیازکراو.

### (٢) کۆرس بووک و پێداچوونەوەی هاوەڵان Peer Review

کۆرس بووک پێش ئەوەی بدرێت بە ڕێکخەری بەش و دواتر بە قوتابی، لەلایەن مامۆستایەکی هاوتاوە پێداچونەوە
لەسەر ناوەڕۆکی کۆرسبووکە دەکات و پەسەندی دەکات و واژووی لەسەر دەکات.

### (٣) بانکی پرسیار Question Bank

بانکی پرسیار بریتیە لە کۆمەڵە پرسیارێک مامۆستای وانەبێژ دەیدات بە قوتابی بەلایەنی کەم دوو هەفتە پێش
دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی. لەو کۆمەڵە پرسیارە مامۆستاکە چەند پرسیارێک (بۆ نموونە ٤- ٥ پرسیار)
دەهێنێتەوە. ئەم شێوازە لە ڕووی دڵنیایی جۆریەوە بە مەبەستی پەرەپێدانی ئاستی زانستی قوتابیە بۆ ئەو
کۆرسەی وەری دەگرێ و لە زۆر زانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان پەیڕەو دەکرێت. لەو بەشانەی سیستمی کۆرسیان
هەیە ژمارەی پرسیارەکان لە ٤٠ پرسیار کەمتر نەبێت و لەو بەشانەی سیستمی خوێندنیان ساڵانەیە لە ٨٠ پرسیار
کەمتر نەبێت.

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
www.mhe-krg.org
E-mail: info@mhe-krg.org
هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی

(٤) ئامادەبوون لە وۆرکشۆپ و کۆنفرانسەکان

بە مەبەستی خۆپێشخستن و بەرز راگرتنی ئاستی زانست، مامۆستای زانکۆ دانەبڕدوی لە ئامادەبوون لە وۆرکشۆپ و کۆنفرانسە زانستیەکان و کارئاسانیان بۆ بکرێت بۆ ئەو مەبەستە.

(٥) پێداچونەوەیەک لەسەر خشتە و خاڵەکانی هەگبەی مامۆستا

لەبەر ئەوەی ئەزموونی ساڵی پار لە پڕکردنەوەی هەگبەدا ناڕێکسانی پێوەدیاربوو، مامۆستاکان بە بەڵگەوە دەبێت چالاکیەکانیان بسەلمێنن و هەگبەکانیان ئەم بابەتانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

- سی ڤی مامۆستا بە بەردەوام نوێ بکرێتەوە.
- توێژینەوەکان – تەنیا هی ئەو ساڵە.
- فەلسەفە و پەیامی مامۆستا.
- کۆرس بووک.
- ئەندامێتی لە لیژنەکاندا.
- بڕوانامەی ئەکادیمی.
- بڕوانامەی چالاکیەکان کە لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپدا بەدەستی هێناوە.
- سەرپەرشتیکردنی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا.
- هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان و گۆڤارەکان
- هەڵسەنگاندنی زانستی و زمانەوانی نامەکان.
- سوپاس و پێزانین.
- ئامادەبوون لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپدا.
- چالاکی تر کە تایبەتمەندی هەیە بە بەشە زانستیەکە.

زانکۆ ئازادە بە دارشتنی خشتەیەک بە مەرجێک ئەو زانیاریانەی سەرەوەی تیا رەچاو کرابێت.

(٦) پێداچونەوەیەک لەسەر خاڵە خوازراوەکانی زانستخوازی بەردەوام

دوای پێداچونەوە لەسەر خاڵە خوازراوەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری / زانستخوازی بەردەوام بڕیاردرا خاڵەکان بەو شێوەیە بێت کە لەخشتەی خوارەوەدا هاتوە:

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی گشتی پشکنین و دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
المديرية العامة للاشراف وضمان النوعية
مديرية الضمان النوعي والاعتمادية

## خشتەی کۆکردنەوەی خاڵە خوازراوەکانی زانستخوازی بەردەوام

| ژ | جۆری چالاکی | خاڵەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئامادەبوون لە سیمیناری بەش / کۆلیژ | ١ | |
| ٢ | پێشکەشکردنی سیمینار لە بەش / کۆلیژ | ٣ | |
| ٣ | بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری ناوخۆ | ٣ | |
| ٤ | پێشکەشکردنی سیمینار پەیوەند بێت بە توێژینەوەی بڵاوکراوە (خاڵی ٣) یان پەسەندکراو بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارێکی زانستی ناوەوەی وڵات | ٨ | بۆ هاندانی مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە |
| ٥ | بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری دەرەوەی وڵات | ٥ | |
| ٦ | پێشکەشکردنی سیمینار پەیوەند بێت بە توێژینەوەی بڵاوکراوە (خاڵی ٥)یان پەسەندکراو بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارێکی زانستی دەرەوەی وڵات | ١٠ | بۆ هاندانی مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە |
| ٧ | وەدەستهێنانی بڕوانامەی داهێنان (براءة اختراع) | ١٢ | |
| | کۆنگرە - کۆنفرانس - ووۆرکشۆپ | | |
| ٨ | ئامادەبوون لە کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی | ٢ | ٢ خاڵ بۆ هەر ڕۆژێک بە مەرجێک لە ٥ ڕۆژ زیاتر نە بێت ، ڕۆژانی سەفەر هەژمار ناکرێت |
| ٩ | بەشداربوون بە توێژینەوە لە کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی لە ناو وڵات | ٢ | ٢ خاڵ بۆ هەر ڕۆژێک + ٥ خاڵ بۆ ڕۆژی وتنەوەی توێژینەوەکە، بە مەرجێک لە ٥ ڕۆژ زیاتر نە بێت ، ڕۆژانی سەفەر هەژمار ناکرێت |
| ١٠ | بەشداربوون بە توێژینەوە لە کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی لە دەرەوەی وڵات | ٢ | ٢ خاڵ بۆ هەر ڕۆژێک+ ٧ خاڵ بۆ ڕۆژی وتنەوەی توێژینەوەکە، بە مەرجێک لە ٥ ڕۆژ زیاتر نە بێت ، ڕۆژانی سەفەر هەژمار ناکرێت |
| ١١ | بەشداربوون لە هەر ووۆرکشۆپێک لە دەرەوە یان لە ناو وڵات ( لە ١٠ ڕۆژ زیاتر نەبێت جگە لە ڕۆژانی سەفەر) | ٢ | ٢ خاڵ بۆ هەر ڕۆژێک بە هەمان شێوازی سەرەوە بۆ پێشکەشکار لە ووۆرکشۆپەکەدا |
| ١٢ | بەشداربوون یان بەڕێوەبردنی خولی ڕاهێنان لە ناو یان دەرەوەی وڵات | ١<br>٢ | بۆ هەر هەفتەیەک<br>بۆ پێشکەشکار |
| ١٣ | چاوپێکەوتن لە تەلەفزیون یان ڕادیو | ٢ | بە بەڵگەوە |
| | بڵاوکراوەی بابەتی زانستی لە ڕۆژنامەکان | ٢ | بە مەرجێ لە ٣ بڵاوکراوە زیاتر نەبێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لیژنەکان | | |
| ١٢ | هەموو لیژنەیەک لەسەر ئاستی بەش ، سکوڵ، کۆلیژ و فاکەڵتی | ١ | ئەم لیژنانە دەبێت پاڵپشت بە فەرمان بێت |
| ١٣ | هەموو لیژنەیەک لەسەر ئاستی زانکۆ | ٢ | |
| ١٤ | هەموو لیژنەیەک لەسەر ئاستی وەزارەت | ٣ | |
| ١٥ | هەمووليژنەيەک لەسەر ئاستی وەزارەتەكانی تر | ٣ | |
| | لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسی زانستی | ٣ | |
| | | | |
| | نووسینی پەرتووک و وەرگێران | | |
| ١٦ | نووسینی پەرتووک لەسەر داوای زانکۆ | ١٢ | دەبێت فەرمانی زانکۆیی هەبێت |
| ١٧ | دانانی پەرتووکی زانستی بەبێ داوای زانکۆ ، بە مەرجی پشتگیری لیژنەی زانستی بەش | ٤ | |
| ١٨ | وەرگێران لەسەر داوای زانکۆ | ٨ | دەبێت فەرمانی زانکۆیی هەبێت |
| ١٩ | وەرگێران بەبێ داوای زانکۆ ، بە مەرجی پشتگیری لیژنەی زانستی بەش | ٤ | |
| ٢٠ | دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زانستی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات | ١<br>٢ | |
| ٢١ | هەڵسەنگاندنی توێژینەوە ناوەوەی وڵات دەرەوەی وڵات | ١<br>٢ | |

**دکتۆر علی سعید محمد**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

وێنەیەک بۆ:
* نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* نووسینگەی ڕاوێژکاری وەزیر بۆ کاروباری خوێندنی باڵا / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
* نووسینگەی ڕاوێژکاری وەزیر بۆ کاروباری توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی گشتی پشکنین ودڵنیایی جۆری / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی گشتی خوێندن و پلان دانان/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* سەرۆکایەتی گشت زانکۆ تایبەتەکان
* بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین / لەگەڵ ڕێزدا.
* دەرچوو

**فۆرمی پێشکەشکردن بۆ کردنەوەی بەش، سکوڵ، کۆلێژی نوێ لە زانکۆ / دەزگا زانستیەکان**

| | |
|---|---|
| **(1) ناوی زانکۆ / دەزگا**<br>**Name of University and Institutes** | |

| | |
|---|---|
| **(2) کۆلێژ / فاکەڵتی / بەش**<br>**Name of Faculty/College/Department** | |

| | |
|---|---|
| **(3) ناوی بەشی پێشنیازکراو بە کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی و بەرواری کردنەوەی**<br>**Name of Suggested Department in Kurdish, Arabic, English** | |
| **ناوی کەسی پەیوەندیدار و ژمارەی تلفۆن**<br>**Contact person** | |

| | |
|---|---|
| **(4) پەیامی بەش**<br>**Mission** | |

| | |
|---|---|
| **(5) دیدی بەش**<br>**Vision** | |

| | |
|---|---|
| (6) ئامانجەکان<br>Objectives | |

| | |
|---|---|
| (7) پلانی ساڵانەی ئەم بەشە نوێیە چیە؟<br>Annual Plan | |
| (8) ناونیشانی کار بۆ دەرچوانی ئەم بەشە نوێیە جی دەبێت؟ ئایا بە پێی کامە یاسا و ڕێنماییەکانی دارایی ناونیشانی کار بۆ ئەم بەشە دانراوە؟ ئاماژەیان پێ بدە<br>Job description | |

| (9) ناوی کۆرسەکان و یەکەکان<br>Credit hours<br><br>و چەند کاتژمێر لە هەفتەیەکدا (گرنگە) | قۆناغی 1 | قۆناغی 2 | قۆناغی 3 | قۆناغی 4 | قۆناغی 5 | قۆناغی 6 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| کۆی یەکەکان | | | | | | |

| **(10) ناوی مامۆستاکان Academic Staff** | بڕوانامە و پلەی زانستی Academic Title | بوار و پسپۆڕی Specialty | ئێستا لەکوێ کاردەکات و لەکوێ دەژی و ژمارەی تلفۆن | کام کۆرس لەوانەی سەرەوە دەڵێتەوە Name of the Subject to be taught |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |

| **(11) ئایا مامۆستاکان شوێن (ئۆفیس) ی تایبەتیان بۆ دابینکراوە** | بەڵێ<br>نەخێر | ژمارە | هێڵی ئینتەرنێت بۆ هەر ئۆفیسێک<br>هەیە<br>نیە |
|---|---|---|---|

| **(12) هۆڵەکانی خوێندن و پێداویستیەکان** | ژمارەی هۆڵ | ڕووبەری هۆڵ | داتا شۆ و سکرین<br>هەیە<br>نیە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|

| **(13) تاقیگەکان** | ئایا ئەم تاقیگەیە تایبەتە بە بەشە نوێ کە؟<br>بەڵێ<br>نەخێر | ئەگەر تایبەتە بە بەشێکی تر چ بەشێک؟ | گەر تایبەت بێت بە بەشێکی تر ئایا نابێتە پاڵەپەستۆ لەسەر ئەو بەشە یان بەشەکانی تر؟ |
|---|---|---|---|
| تاقیگەی (1) | | | |
| تاقیگەی (2) | | | |
| تاقیگەی (3) | | | |
| تاقیگەی (4) | | | |

| **(14) هۆڵی خوێندنەوە و پەرتووکخانە** | ژمارەی هۆڵ | ڕووبەری هۆڵ | جۆری گۆڤاری زانستی پەیوەندار بە کۆرسەکە | ژمارەی پەرتوکی پەیوەندار بە کۆرسەکە |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **(15) ئایا بۆدجەی تایبەت بۆ کردنەوە و بەڕێوەبردنی ئەم بەشە دانراوە** | بەڵێ<br>نەخێر | ئەگەر بەڵێ لە کوێ و چۆن؟<br>چەندە بە پارە؟ | بۆ کەلوپەل و ئۆفیس و تاقیگە<br>چەندە بە پارە؟ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **(16) ئایا ئەم بەشە پێویستی بە کارمەندی ئیداری هەیە؟ کاتی- میلاک – هەمیشەیی** | بەڵێ<br>نەخێر | ژمارەی کارمەند:<br>کاتی – هەمیشەیی:<br>ناونیشان: | ئەگەر نەخێر چۆن؟ |

| | | |
|---|---|---|
| **(17) توانای وەرگرتنی قوتابی** | چەندە بە ژمارە | جۆری دەرچوان (خریج)<br>ئەدەبی: علمی: |

| | | |
|---|---|---|
| **(18) ئایا دەرفەتی خوێندنی پارالال هەیە لەم بەشە نوێ یە؟** | بەڵێ<br>نەخێر | ئەگەر بەلی چۆن؟<br>ئایا بە پەیداکردنی داهاتە یان بە (تمویل ذاتی) |

| | |
|---|---|
| **(19) پرۆسەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام چۆن ئەنجامدەدرێت؟** | بۆدجەی ئەم دوو پرۆسەیە چەندە و چۆن دابیندەکرێت؟ |
| **(20) بەرنامەی تەندروستی و سەلامەتی چۆن پەیرەو دەکرێت؟** | |

| SWOT ANALYSES | | (21) شیکردنەوەی سوات سەبارەت بە کردنەوەی ئەو داواکاریە | |
|---|---|---|---|
| **Strengths** | **Weaknesses** | **Opportunities** | **Threats** |
| | | | |

**تێبینی:**

گەر خانەکانی ئەم فۆرمە بەشی نەکرد و دەتانەوێت زیاتر لەسەر بابەتەکان بدوێن دەتوانن لە لاپەڕەیەکی تردا بینوسن و هاوپێچی فۆرمەکەی بکەن.

دوای پڕکردنەوە و پێشکەشکردنی ئەم فۆرمە تیمی وەزارەت لەماوەیەکی گونجاودا سەردانی ئەو بەشە نوێە دەکات و لە نزیکەوە لەگەڵ مامۆستاکان و سەرۆک بەش دادەنیشن بۆ گفتوگۆی زیاتر، یان بانگ دەکرێن بۆ وەزارەت بۆ گفتووگۆی زیاتر.

گەر پێویست بوو وە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەتوانن پەیوەندی بەم ئیمەیلەوە بکەن

asqa.office@mhe-krg.org